# هەمیشە عەشق هەمیشە تۆ



ئیسماعیل خورماڵی

**من لە ڕەنگا ، هاوسێی ئەو ڕەنگانەم  کەتۆ خۆشت دەوێن !**

**من لەدەنگا ، سێبەراوی پاڵ کانیلەی ئەو دەنگانەم**

**وەک دار هەناری عیشق بن ، عیشقت پێ دەدەن !**

**من لەشیعرا ، لەزەت لەو شیعرانە دەبەم ،**

**دەمبەنەوە سەر سەرەڕێی جواناوی تۆ !**

**لەمیوەشدا خۆت دەزانی ، باوانەکەم ، هەر تۆ و هەر تۆ !**

ئیتر گوڵم کەمن وابم  بۆ وەک جاران

ڕیحانەیەک نانێتەوە ژێر باڵیفی هیلاکەتیم ،

وەکو جاران ، ماچێ , ماچێ

لەقەڵەمی دوا قەڵەمی لێوەکانت,

لەسەر بەرگی دیوانەکەم جێ ناهێڵی !

ئیتر گوڵم کەمن وابم ،خێرت ناگا

لەزمسانی تەنیاییدا ،

بوبولی تاوی هەتاوم , لەقەفەزی هەوران بنێ ی !

ئیتر گوڵم خێرت ناگا ، بەپایزی زەردە باخم بەری !